# ئەگەر ڕووبارێک لە پێش دەرگای یەکێک لە ئێوە بێت، ڕۆژانە پێنج جار خۆی تێدا بشوات، ئایا هیچ پیسیەک لەسەر لاشەی دەمێنێت

لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- بوو کە دەیفەرموو: «ئەگەر ڕووبارێک لە پێش دەرگای یەکێک لە ئێوە بێت، ڕۆژانە پێنج جار خۆی تێدا بشوات، ئایا هیچ پیسیەک لەسەر لاشەی دەمێنێت؟». ووتیان: هیچ پیسیەک لەسەر لاشەی نامێنێت؟ فەرمووی: «ئەوە نمونەی پێنج نوێژەکەیە ؛ کە بە هۆیانەوە خوای گەورە لە تاوانەکان خۆش دەبێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێنج نوێژە فەرزەکەی لە هەموو ڕۆژ وشەوێکدا لەڕوانگەی سڕینەوەیان بۆ گوناهەکان چواندووە بە ڕووبارێك لە پێش دەرگای ماڵی هەرکەسێک، ڕۆژی پێنج جار خۆی تێدا بشوات، بۆیە هیچ پیسیەک لەسەر لاشەی نامێنێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4968

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee